PDF4Kurd

« زمناكۆ »
یارمەتی لە چاپدانی داوە..

PDF4Kurd

# ئەرخەوان

## جوانی و ئازایەتی و ڕاپەڕین

PDF4Kurd

« هەشت چیرۆکی کوردی یە »

PDF4Kurd

برهان قانع

بانەمەڕی/١٩٧٩

١٠٦٧٦

« زمناکۆ »
یارمەتی لە چاپدانی داوە··

PDF4Kurd

# ئەرخەوان

## جوانی و ئازایەتی و راپەڕین

PDF4Kurd

« هەشت چیرۆکی کوردییە »

PDF4Kurd

برهان قانع

بانەمەڕی/١٩٧٩

پێشکەشە بەو :

# گوڵە ئەرخەوانانەی لە پێناوی سەربەستیدا ئەکرێنەوە ..

برهان قانع
١٩٧٩

چاپخانەی ـ ئیرشاد ـ بەغدا ..

PDF4Kurd

PDF4Kurd

# ئەرخەوان
## جوانی وئازایەتی وراپەڕین

شاشۆخی ئاوایی بوو ، دەست ڕەنگین بوو[۱] ، لە دروێنەو شەنو سەغرەو هەڵسوڕاندنی ئیشو کاری ناو ماڵدا لێهاتوو بوو ، باوکی هەرچەند هەژارێکی نەخوێندەوار بوو ، بەڵام بە چاوی یەکسانی لەگەل کوڕەکانی سەیری ئەکرد ‥ ئیشی پیاوانەی پێ ئەسپاردو بەرگی ژنانەی بۆ ئەکرد ، ئەرخەوان هەر خۆی ئەرخەوان بوو ٠

زۆری حەز لە خوێندن ئەکرد ، بەڵام ناوچەکەی ئەمانیش دیسان وەکو هەندێک ناوچەی تر کە گیرودەی مەینەتی ڕیژیمی دەرەبەگایەتیو نیمچە کۆلۆنی بوون قوتابخانەی تیا نەبوو ‥ کە ماڵی ئاغا براکەیان ئەبرد بۆ بێگار[۲] ئەو ڕۆژە ئیشی گرانی دەرو دەشتو ماڵەوەی ئەگرتە

---

**(۱) بەو ئافرەتانە ئەڵێن کە پیشەی دەستی ئەزانن ‥**

**(۲) هەرموەزێکی نابەدڵییە کە بە زۆر ئەیان بردن بۆ ئیشو کاری ماڵی ئاغا ‥**

ئەستۆی خۆی ، لە شەڕی عەشیرەتگەری‌دا ـ کە لەو سەردەمەدا باوو بووە ـ چەکی لە خۆی ئەبەستو لەگەل پیاوانی خێلەکەیانا لە سەنگەری پێشەوە ئەبوو ، جوانی‌و ئازایەتی وەکو خشلی زێڕ هەموو لەشی داپۆشیبوو ، لە دەست ڕەنگینی دا پیشە دەستیەکانی ئافرەتی کوردەواری هەموو ئەزانی ، ئاغا ئەیویست بۆ حەمە کەچەلی خزمەتکاری بخوازێ‌و باوکیشی بە هیوا بوو بیدات بە سوارەی برازای‌و براکەشی نیازی بوو ژن بە ژنی[1] پێ بکات‌و خۆیشی حەزی لە کوڕە جوتیارێکی ئیشکەری هاومالی خۆیانی ئەکرد ، دایکیشی ئەیویست بیدات بە یەکێ لە برازاکانی •• هێشتا کێشەی ئەم کیژو گرفتە خۆمالی‌یە نەکەوتبوو بەلایەکا بەزمی ئاغاو حەمە کەچەلیش پەیدا بوو ••

**( شوێن دیوەخانی مالی ئاغایەو**

**باس هەر باسی ئەرخەوانە •• )**

ـ کوڕە حەمە کەچەل

ـ بەلێ قوربان

ـ سبەینێ زوو ئەسپە کوێتم بۆ زین کە ••

ـ ئەمرەکەی قوربان

ـ جا کە هاتمەوە ئیشێکت پێ ئەسپێرم ، ئەگەر سەرکەوتی خەلاتێکی باشت ئەکەم ••

ـ ئەی ئەمشەو قوربان ؟

ـ ئەمشەو ••• ئەمشەو ••• ئە ••• و•••

---

**(١) گۆرینەوەو بازرگانی پێوە کردنی دو ئافرەتە یەك لە بارمتەی یەکدا ، کە ئەم نەرێتە نالەبارە تا ئیشاش لە زۆر ناوچەی کوردەواری‌دا باوە ••**

PDF4Kurd

( نەختێك بیر ئەكاتەوە )

بیدەنگیەك کۆڕەکە دائەگرێ •• ئاغا لە ناکاو سەر هەڵ ئەبڕێ••

ـ ئەمشەو ئەتوانی بچی میرزا حەسەنم بۆ تەمێ بکەی

ـ ئینجا گوایە میرزا حەسەن چی لە هاوڕێکانی زیاترە ؟

ـ ئەبێ ئەمشەویش بێیتەوە !

ـ قوربان هەروەکو جاران ••[1] PDF4Kurd

ـ لە جاران باشتریش •• ئیتر خۆت ئەزانی !

ـ قوربان ئەی بۆ مەسەلەکە ؟

ـ خۆم ئەزانم •• هاتیتەوە بۆت مارە ئەبڕم

ـ قوربان باوکی زۆر لاسارە

ـ هیچ کەس لەم ئاوایەدا لاساری لەگەل ئێمەدا پێ ناکرێ

ـ ئەمرت بە جێیە گەورەم ••

× PDF4Kurd

**مام کەریم لە گوێی ئاگردانەکە دانیشتووەو ئاگای لە هیچ باسێك نیە ، پوورە خاوەر پەیتا پەیتا گڕی ئاگرەکە خۆش ئەکا ، ئەرخەوانیش بە پێوە خەریکی تەشی رستنە[2] ••**

ـ خەووم دیوە ، ئاغا تووشی سەمەرەیەکمان نەکا باشە ••

ـ [ قەزاو بەڵا دوور ] •• دوێنێ بە رۆستەمی وتبوو جارە مەرەزەکە مەکێڵن

ـ نەمووت ! ئەوە دیارە بیانووە

ـ ئینجا ئەم نە ئەو ، ئێمە مادام بەری رەنجمان بۆ خۆمان نیە لە هەر لایەك بین یەکسانین ••

---

**(١) مەبەستی خەڵات کردنە لە پاداشی ئەو کارەیدا کە بۆ ئاغای ئەکات ••**

**(٢) زوربەی ئافرەتی لادێ بە پێوە تەشی ئەڕێسن ••**

ـ ئەوەی تۆ ئـەڵێی وا نابێ ، بچینـە هـەر لایـەك ئاغایـەكو حەمەكە چەڵێكی لێیە ..

**( ئەرخەوان تەشیەكەی لە دەست ئەكەوێتە خوارەوەو روو ئەكاتە باوكی ) :**

ـ ئێمە بە ئارەقی ناوچاوانی خۆمان ئەژین ، لـە هـەر لا قەدرو حورمەتمان بپارێزرێ لەوێ ئەبین‌و داكۆكی لەسەر خۆشمان ئەكەین ..

ـ كچم مەسەلەكە شتێكی ترە ، تاكو دەرەبەگایەتی لـە ریشـە هەڵ نەكەندرێ ئێمەو مانان بە دەست هـەزارانی وەك حـەمەكەچەڵەوە ناحەوێینەوە .

ـ ئێمە مادام باوەڕمـان بـە خـۆمان هـەیـەو خـاوەنی راستیی مەسەلەیەكین هەر سەركەوتوو ئەبین .

ـ كچم شەڕی ئاغا بە تەنیا بەمن ناكرێ ، ئاغا هەزار سەگ‌و[1] گورگی لـە دەور خۆی كۆ كردۆتـەوە بۆ رۆژێكی ئاوا ، ئـەم كارە پێویستی بە گەلە كۆمەیەكی راست هەیە .

ـ ئێمە تەنیا نین .. هەموو ئاوایمان لەگەلـە ، چونكـە هـەموو ئاوایی هەر یەكە لـەبەر هۆیەك وەكو ئێمـە لـە ئاغا زویرن ، جگە لـەوەش كردەوەكانی ئاغاو دەست‌و پێوەندەكانی خۆی لـەخۆیا هـۆی هەرە گەورەو كاریگەری روخاندنێتی .. ئەوە جارێ مەسەلەكە دەستی پێ نەكردووە ، با بتـەقێتەوە ئینجا ئـەزانی چۆن ئاغـاو حەمـەكەچەڵ پێكەوە شاربەدەر ئـەكرێن . چۆن هیزی نهینی ئـەم خەڵكـەش یـەك ئەگرن .. مومكین نیە هەر كۆمەڵێك یەك بگرن هەر سەر ئەكەوون ..

ـ وس بن حەمە كەچەڵ هات ، نەكو قسەكانمان بگێڕێتەوە ..

**( هەر یەكە خۆی بە شتێكەوە خـەریك كرد ، حـەمەكەچەل لـە حەوشەكەوە بانگی كرد : )**

---

**(١) سەگ‌و گورگ ، خزمەتكارو دەست‌و پێوەندەكانی ئاغان ..**

- مام کەریم لەماڵە ؟
- بەڵێ حەمە گیان ، فەرموو ، وەرە ژورەوە ..
- سبەینێ مەڕۆن بە هیچ لایەکدا ئاغا ئیشی پێتانە
- دە وەرە ژورەوە ، دوو قسەمان بۆ بگێڕەوە
[ حەمە کەچەل جگەرەیەکی داگیرساندو بە تیلەی چاوێك لە پەنجەرەی سەر بانیژەکەوە سەیرێکی ئەرخەوانی کردو ، بزە گرتیو بە کۆلانەکەی لای ماڵ مام کەریمدا بۆی دەرچوو ] ..

( پاش نەختێك بێ دەنگی )

- ئەبێ ئاغا ئیشی چی پێمان بێ ؟
- من بزانم مەسەلەی ئەرخەوانە
- مەسەلەی من ؟! مەسەلەی من چی‌یە ؟
- کچم نەختێك لەسەر خۆ بە ، با دەنگمان دەر نەچێ
- بۆ دەنگمان دەرنەچێ ؟ خۆ ماڵی کەسمان نەبریوەو کەسمان نەکوشتووە .. با بزانم مەسەلەکەی من چی‌یە ؟..

- چار هەر ئەوەیە ئەمشەو خۆمان دەرباز کەین‌و بگەینە شوێنێك ئاغا دەستی نەمان گاتێ ..

- بۆچی بچینە شوێنێکی تر ؟بۆچی ماڵ‌و حاڵی خۆمان بەجێ بێڵین؟ کێڵگەو کارێزو باخەکەمان بەجێ ناهێڵم ، ئەبێ لەو شوێنەدا کە لە دایك بووم ، هەر لەو شوێنەشدا بم نێژن .. تا مردن لەگەل ئەم دارو درەخت‌و کانیاوو کێڵگەو شاخو داخانەدا ئەژیم ..
- کچم بێ دەنگ بە ، میرزا حەسەنیش بە فیتی حەمەکەچەل کوژرا ، من ئەزانم ئەم هەتیوە چەن ئۆین بازە .. پیاو کوشتن‌و ئاو خواردنەوەی لا وەك یەکە ، کۆ لە هیچ تاوانێك ناکاتەوە ..

ـ میرزا هەسەن ئاگای لـە خۆی نەبوو ، بە ناپیاوانـە کوشتیان ، شەو بە نهێنی‌یەوە چوونە سەری‌و لە پشتەوە تەقەیان لێ کرد ..

ـ ئەگەر ئەم قسانە ئەبیستنەوە سەرمان ئەتاشن‌و خۆڵ‌و دۆمان[1] ئەکەن بە سەراو شاربەدەرمان ئەکەن ..

ـ هەر ئیستا ئەو چەکە هەڵ ئەکرم‌و پشت ئاوایی‌یان لێ ئەگرم ، بانگ لە هەموو کوڕو کاڵی ئاوایی ئەکـەم بێن بە دەنگمـەوە ، حەمە کەچەڵیش ئەکەمـە قوربانی‌ی گوللەیـەك ، ئەیکەمـە فەرتەنەیەك ئـەو سەری دیار نەبێ ، یان ئێمەو ژیان .. یان حەمە کەچەڵ‌و ئاغا ..

ـ کچم سەبرت بێ ، با بکـەوینـە بـەیانی‌و بزانین بۆ چیمـان بانگ ئەکەن ..

[ ئەرخەوان هەر ئەو شەوە زۆرابی دەسگیرانی نهێنی خۆی لـە مەسەلەکە تێ گـەیاند .. زۆراب بـەڵێنی مـان‌و نـەمانی پێداو ئینجا چاوەڕوانی ئەنجامی کارەکەو کات‌و راپەڕین بوون ] ..

**( لە دیوەخانی ئاغا ... )**

ئاغا ئەیەوێ مام کـەریم‌و ماڵ‌و منـاڵی راو بـکا ، حەمە کـەچەڵ بسکەی سمیڵی دێ ، مام کـەریم لەسەر چۆك دانیشتووەو لەبـەردەم ئیستەرەمی ئاغادا مل کەچەو .. هەر بیر ئەکاتەوە ، خزمەتکارو چلکاو خۆر بـەو ناوەدا دێن‌و دەچن ، جـار جـار دەسـتە خزمـەتکارەکانی پیرۆزبایی لە حەمەکەچـەڵ ئەکـەن ، زۆرابی دڵخوازی ئەرخـەوانیش لەبـەردەم کۆشکی ئاغادا راوەستاوەو چاوەڕوانی هـەواڵ‌و ئـەنجـامی باسەکەیـە ، ئەرخـەوان لـە ماڵەوە دەستاو ئـەکات‌و ئـەم شیعرانە بە گۆرانی ئەڵێ :

---

**(١) یاسای سزادانی ئەوانـە بووە کـە کارێکی خراپیـان کردبێ یان موقەدەرێکیان لە دەست قەوما بێ ..**

بە سەرما رامەبوورە کاکی زاڵم[1]
لە دەستی زوڵمی تۆ ، وێرانە ماڵم
بە شەو ئێشکچی ماڵی خانو ئاغام
بە رۆژ کۆڵ کێشی پووشو دڕکو داڵم
ئەگەر راکەم لە بۆ ملکی یەکی تر ..
لەوێشدا قوڕ بەسەر ، هەر عەینی حاڵم
چ خۆشە !!.....
چ خۆشە ، من بڵێم ئاغا چ کارەی
بڵێ: ئەمڕۆ لە گومرکدا حەماڵم[2]
چ خۆشە خان بە عینوانی کرێکار[3]
بڵێ ئیشت نیە ؟ ئەمڕۆ بەتاڵم ..
دەزاڵم نۆرەمە ، خۆت راگرەبۆم
بچێژە شەربەتی گورزو گۆپاڵم

**( مام کەریم گەرایەوە ،تورەیی لەناو چاوانیا ئەبریسکایەوە ، ماڵو منال دورەیان لێ دا ... )**

- پیاوەکە ئاغا وتی چی ؟
- ئاغا پەلپی ئەرخەوانی لێ گرتووین ..
- بۆ کێ ؟
- بۆ حەمە کەچەڵی پیاوکوژ ..

**( ئەرخەوان گوێی لەم قسەیە بوو دەستاڕەکەی بەجێ ئەهێڵێو گوێ لە قسەکانی باوکی ئەگرێ ) ..**

---

**(١) لە دیوانی (قانع) وەر گیراوە**
**(٢) مەبەستی لە ئەرکو ماندوبوونە**
**(٣) مەبەست لێ کەوتنو روخاندنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی یە ..**



PDF4Kurd
PDF4Kurd
PDF4Kurd

ـ ئاغا ئەڵێ : یان ئەرخەوان ، یان ئەبێ بار بکەن بڕۆن ••
ـ ئینجا چار چی‌یە ؟
ـ نە ئەرخەوان‌و نەبار کردن •• بەربەرە کانێ تا مردن !!

[ هەموو پێکەوە ئەچنەوە ژورەوە ، ئەو شەوە لە چەند لایەکەوە بە نهێنی خزم‌و دۆست‌و دەسگیران‌و زۆر لێکراوەکانی ئاوایی هەموو تێ ئەگەیەنن •• تەگبیر یان یەکانگیر ئەبێ‌و لە گەردوگوڵی[1] بەیانا ئەرخەوان خۆی گورج ئەکاتەوەو سەرتاپا بەرگی پیاوانە ئەپۆشێ‌و لە پشتی ئاواییەوە بانگ ئەکات :

**( خزمینە ئەمڕۆ لە ئێمەیە ، سبەینێ لە ئێوەیە •• )**

ئەوانەی چاوەڕوانی کات‌و سەربەستی‌و هەلی تۆڵەسەندنیان ئەکرد لە کۆڵانە نیوە تاریکەکانی ئاواییەوە بەدەر کەوتن••رویان کردە ئەرخەوانی سەر دەستەی پەلامار دەرەکان •• تەقە دەستی پێ کرد ، کوڕو کاڵی ئاوایی تێکڕا پشتی ئەرخەوانیان گرت ، ئاگر بەرەو کۆشکی ئاغا ئەکشا، زوڵم‌و زۆر بناغەی لەق بوو ، لە یەکەم دەست ڕێژدا حەمە کەچەڵ پێکراو بوو بە قوربانی پاشماوەی تاوانەکانی خۆی ، درێژەی نەکێشا ئاغا ناچار بوو ئاوایی بەجێ بێڵێ •• ئەرخەوان بوو بە سەرکردەو نموونەی خەباتێکی سەخت‌و ڕەوا ، ئاغاو دەست‌و پێوەندەکانی بوونە حیکایەت ••

---

**(١) ئەو کاتەی نێوان کۆتایی شەوو سەرەتای بەیانی‌یە ( تاریک‌و رون ) ••**

PDF4Kurd

PDF4Kurd

# دووروکاری ژیــان

(*)

PDF4Kurd

ماوەیەك پێکــەوە رێگامان بڕی ، جار جــار گۆرانیــەکی کورتی ئەووت ، لــە دڵــەوە بیرم لــەو رۆژە ئەکردەوە کــە منداڵەکانو دایکیان دەورەیان دابوم ، هەریەکە داوای شتێکی ئەکرد :

- پیاوەکە شەکرو چامان نەماوە
- بابە گیان پێڵاووم بۆ بکڕە
- دوێنێ حاجی ئەوڕەحمان هاتبوو ، داوای قەرزەکەی ئەکردەوە
- بابەگیان منیش پێڵاووم نیە
- منداڵەکان بەرگی زستانەیان نیە ، ئەوەتا هەموو لەسەرمانا ئەلەرزن
- [ ئاسمان دورو زەوی سەخت ••• ]

---

(*) کاتی خۆی ئەم چیرۆکە بلاو کراوەتەوە ، بــەلام لــەم نامیلکەیەدا هەندێك رستەی دەسکاری کراوە ••

**لە ناکاو هاوڕێ کەم بانگی کردم :**

ـ وا دیارە ماندویت

ـ بیر لە ماندوو بوون ناکەمەوە

ـ حەز ئەکەم رازی دەرونتم لێ نەشاریتەوە

ـ ماوەیەك لەمەوبەر شارەکەمان ئالۆزاو بوو بە تەقو رەو ، هەرکەس ئەیویست ماڵو منالی خۆی دەرباز کا ، هەرچۆن بوو یەك دوو ولاخم پەیدا کردو ماڵمان گورج کردەوە ، وەکو هەموو ئەو خەڵکەی تر بە پەشۆکاوی‌و بێ ئامانج لە شار هاتینە دەرەوە ، زۆر سارد بوو ، بەفرو باران بە تێکەڵاو ئەباری ، کاروانچی‌و کۆڵ بە کۆڵ لەو شەوە تاریکەدا رێچکەیان بەستبوو ، منالو پەککەوتەکانیش ناوبەناو لەمبەرو لەو بەری رێگاکەدا کەوتبوون .. لە کاتێکدا چەندان چەرخ دائەگرسا ، گەیشتینە هەورازێکی سەخت ، لەو کاتەدا خێزانەکەم کەوتە حاڵەتی منال بوون ، لەبەر لێزمەی بارانەکە خۆمان کوتایە بن دار بەڕوویەك ئەویش ئاوی لێ ئەچۆڕایەوە ، منالەکە لە دایك بو ، دەنگی لێزمەی بارانو بروسکەی چەخماخەو گریانی منالو چەندان دەنگی تر تێکەڵاو بوبون ، بێ مامانو داوو دەرمان پێچامانەوە ، خستمانە ناو کوپەڵەیەکی بەتاڵ ، بە سەر باری هێسترێکەوە دامان بەست ، کەوتینەوە ڕێ ، بۆ کوێ ؟ نازانین !! جار جار لەبەر پزیسکەی هەورە بروسکەکەدا یەکترمان ئەدیەوە ، کابرای ولاخدار هاواری کرد ..

ـ کوپەڵەکە بە منالەکەوە کەوتۆتە خوارەوە

هەرچۆن بوو گەیشتینە گوندی [.... ێ] بوینە میوانی ماڵێك ، خۆمان بە ئاگرەکە گەرم کردەوە ، خێزانەکەم ئەی ناڵاند ، یەکێك لە منالەکان لەناکاو بانگی کردم :

ـ بابە ، بابە ..

ـ چیت ئەوێ کوڕم

ـ زمناکۆی برام لە شار بەجێماوە

خێزانەکەم ئەمەی بیست لە سەر خۆ چوو ..

**( لەو کاتەدا باس هـات بـە باسا ، هاوڕێکەم بەسەرهـاتی خۆی بۆ گێرامەوە ) ..**

ـ ئیمەش وەکو ئێوە شارەکـەمان لـەناکاو شڵەژا ، شارمان بەجێ هێشت چوینـە گوندی [ .....وە ] ، بێ ئیـش‌و کار کـەوتم ، زۆر دەسکورت بووم ، پێم شەرم بوو هەموو ئیشێك بکەم چونکە کاتی خۆی باوکم کوێخاو خاوەن دیوە خانی ئـەو گوندە بوو[1] ، بەفرێکی زۆر باریبوو ، لە زورێکی ژێر خانی ماڵێکدا جێگایان کردبوینـەوە ، زۆر شەوان بێ شێو سـەرمان ئەنایەوە ، کارو کاسبی نـەبوو ، دوو منـاڵم هەبوو تەمەنیان شەش حـەوت ساڵان بوو ، نەخۆشی سورێژەیان بو ، سەرماو نەبوونی داوو دەرمان شپرزەی کردبون ، نیوە شەوێکیان دایکی مناڵەکان بانگی کردم

ـ هەستە کوڕە گەورەکەیان خەریکە بمرێ

**( هەستام ،سەیرم کرد ، چاوەکانی بەئاسمانا ئەگێرا ، دەستەکانی نە ئەجووڵانەوە ، بە ئاستەم هەناسەی دەر ئەهات ) ..**

ـ نەختێك شەکراووم بۆ بێنە با بیکەم بە دەمیەوە

ـ شەکرمان نیە

ـ بزانە مناڵەکەی تر چۆنە

---

**(1) لە کوردەواری‌دا بەو جۆرە کەسانەی کە شەرم ئەکەن ئیش بکەن ئەڵین (بەرەی چەکمە رەق) ..**

**(که سەری منالەکەی تری لادا بێ پەروا قیژاندی)**

ـ بگەرە فریام ‎••‎ کوڕەکە گیانی دەرچووە

**( بێ پەروا لاشە مردووەکەی ئەنا بە سنگیەوەو ماچی ئەکردو بەناو ژوورەکەدا وەکو سەرگەردانێك ئەسووڕایەوە ‎•••‎ )**

ـ نەختێك لە سەر خۆ بە ، با دەنگمان نەچێتـە دەرەوە ، لـەم دێیەدا ناحەزمان زۆرە ‎••‎

[ ئەو تەرمی کوڕە بچکۆلەکەی ئەلاواندەوە ، کـە سـەرنجم دا کوڕە گەورەکەش رەنگی زەرد هەڵگەڕاو لـە پـەلو پۆ کەوت ] ‎••‎ شیوەن گەرمتر بوو ، تاکو ئەوەندی دڵمان نـەختێك سارد بۆوە پێکەوە شیوەنمان کرد ، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوایی لێمان کۆ نەبنەوە کەوتینـە تەگبیری ناشتنیان ، پارەی کفنم نەبو ، نەم ئەویست خەڵکی ئاوایی بەمە بزانن چونکە لێیان ئەکردین بە ناوو ناتۆرە[1] بڕیارمان دا خۆمـان هەردوکیان بنێژین سەرینایەکمان هـەبو ، دوو بـەرگی هـەبو ، پەڕە مریشکی ناو سەریناکـەمان دەرکرد هـەر بـەرگێکی کردمان بـە کفنی یەکێکیان ، لە گۆڕستانەکەی نزیك دێکەوە هەر بەو شەوە بەفرەکەمان لاداو گۆڕێکی بچکۆلانەمان بۆ هەڵکەندن هـەردوکیانمان ناشت ، نەمان هێشت هیچ کەسێك لە ئاوایی بـەم نهێنییەمان بزانێ ، سبەینێ مـەلا بانگدان ناو دێ شـڵەژا ، بوو بـە دەنگـە دەنگ ، پـیاوی ئاغـا بـە توڕەییەوە بە کۆڵانەکانا ئەگەڕان ، ماڵ پشکنینیان ئەکرد ، تەمەس ئـەو شەوە مریشکی ماڵی ئاغا دزراوە ، یەکێك لە خزمەتکارەکان هاتە ماڵی ئێمە ، پەڕە مریشکە رژاوەکانی دی یەکسەر هاواری کرد :

ـ ئەمەتا ‎••‎ دۆزیمەوە ‎••‎ ئەوی دزی بکات لەم دێیە ناحەوێتەوە

---

**(١) لە زۆر شوێنی کوردەواری‌دا ئەگەر یـەکێک کارێکی وای لێ دوو بدات لێی ئەکەنە ناوو ناتۆرە و ئیتر لێی نابێتەوە ‎••‎**

ـ من دز نیم •• من ••

ـ ئەو پەڕە مریشکانە بەڵگەن ••

ـ شتەکە وا نیە ، وەکو پێم وتی من دز نیم ••

ـ ئاگام لە هەمو کردارەکانتە ، بۆیە بە ڕۆژا ئیش‌و کار ناکەی•• ئەتویست ببیتە خزمەتکارو جێگا بە ئێمە لێژ کەی ••

ـ بە قوربان هەڵە تێ مەگە ،من دز نیم ، ئەم پەڕە مریشکانە کۆنن ، من هەرگیز نەمویستوە ببم بە خزمەتکارو شوێن بە ئێوە لێژ بکەم •••• من ئەمەم هەر بە بیردا نەهاتووە ، چونکە من خزمەتکاریم لا شورەیی‌یە ••

**( بە توڕەییەوە چووە دەرەوە ، زۆری پێ نەچوو ئاغا ناردی بە شوێنما •• )**

ـ تۆ پەنات بە ئێمە هێنا کە لامان بحەویتەوە ، ئیستا دزیمن لێ ئەکەی ؟

ـ لە تافی هەرزەکاریشما دزیم نەکردوە ، چونکە بێزی لێ ئەکەمەوە

ـ پەڕە مریشکە کانیان لە ژورەکەتانا دۆزیوەتەوە ••

ـ مەسەلەکە جۆرێکی ترە

ـ کەوابوو پێمان بڵێ •• بزانین چی‌یە !!

ـ ناتوانم پێتان بڵێم

ـ لەبەر چی ؟

ـ نهێنی‌یەکی گەورەی ژیانمەو نامەوێ بی درکێنم

ـ بۆچی پێمان ناڵێی

ـ چونکە ئەم بەد ناوی دزی کردنەم لەسەر لانابا‌و خۆیشی لە خۆیا سەرقابی نهێنی‌یەکە ••

ـ ئەبێ ئەمڕۆ ئەم دێیە بەجێ بهێڵی •• بکەویتە شەو سزات ئەدەم ••

ـ داوات لێ ئەکەم با سێ ڕۆژانەی پرسەی مناڵەکانم تەواو بێ ئینجا دەرم کە ••

ـ ئەمەوێت ئەمشەو لێرە نەمێنی ••

[ بەو سەرماو بەفرو بارانە دێکەمان بەجێ هێشت چوینە دێی [•••یەوە] ، لەژێر خانی ماڵێکدا هەمدیسان جێگایان کردینەوە لەگەل خێزانەکەم دوو بەدوو دانیشتبوین ، چیلکەمان لە ئاگرەکەوە ئەژەند ، لەناکاو یاساوڵێك کردی بە ژورا ]

ـ ئێوە ئەمڕۆکە هاتوونە ئێرە ؟

ـ بەڵێ •• ئەمرکە •••

ـ وەرە بۆ لای جەنابی [•••• ان]

**( سەیرێکی خێزانەکەم کردو ئەویش سەرنجێکی منو یاساوڵەکەی دا •• )**

ـ جەنابی [••••ان] لە کوێ یەو ؟ چ کاری بە منە ؟!

ـ لەو خانووە بەرزەی قەراخی ئاوایی کە ئێوارە بە بەردەمیا هاتن

ـ کام خانوو ؟

ـ تۆ وەرە پێشم کەوە ، ئێستا ئەزانی ••

ـ بەڵێ بەڵێ •• ئەمرەکەی !

[ لەگەل یاساوڵەکە ڕۆیشتم ، کە لە دەرگاکە دور کەوتمەوە ئاورێکم دایەوە خێزانەکەم دەستە ئەژنۆ دانیشتبوو سەری لەسەر هەردوو ئەژنۆی شۆڕ کردبۆوە •• بردمیانە لای زەلامێکی سمێڵ ئەستوودی چاو کز ، نەی هێشت دانیشم ، هەر بە پێوە ڕایگرتم ] ••

ـ ناوت چی‌یە ؟
ـ [ •• •• ]
ـ خەڵکی کوێت ؟
ـ ئیستا لێرەم
ـ لەمەوبەر لە کوێ بویت ؟
ـ لە گوندی [ ••••وە ] •

**( یەکێك لە دانیشتوان (وەکو بم ناسێ) قسەکانی پێ بڕین ) ••**

ـ جەنابی [ ••••ان ] ئەمە ئەو کابرایـە لـە دێی [ •••وە ] مریشکەکانی دزیبوو شاربەدەریان کرد •

ها !! ئینجا نۆرەی ئێمەتە ؟
ـ ببورن من دز نیمو هەرگیز دزیم نەکردوەو نایکەم ••
ـ ئەتوانی [•••••] مان بۆ بکەی ؟

[ بروسکەیەك بە لەشما هات وەکو بڵێی سوڕانەوەی خوێن لە لەشما پێچەوانە بۆتەوە ، هـەموو لـەشم ئەلەرزی ] ••••بێ دەنگ بووم ••

PDF4Kurd

ـ قسە بکە ••
ـ قسەی چی بکەم ؟
وتت چی ؟ ئەتوانی ؟
ـ ئەمە لە رەوشتی منەوە دورە ، بۆم ناکرێ
ـ ئەی ئەتوانی بچی بۆ [••••،••••] بۆ بێنیتەوە
ـ نەخێر

PDF4Kurd

ـ باشە لێرە ئەتکەین بە [••••ن] •
ـ ئەوەشم هەر بۆ ناکرێ
ـ ئەی چیت بۆ ئەکرێ



PDF4Kurd

ـ من جارێ سەرگەردانو لێ قەوماووم •• ئەگەر ئێوە وازم لێ بێنن من هیچم لە ئێوە ناوێ ••

ـ کێ ئەڵێ تۆ پیاو خراپ نیت ؟

ـ خۆم ئەڵێم •• بە رەووشتما دیارە ••

ـ ئێمە داڵدەی یەکێك ئەدەین ئیشمان بۆ بکا ••

ـ ئەوجۆرە ئیشانەتان بە من ناکرێ !!

ـ کەوابو هەر ئەمشەو ئەبێ ئێرە بەجێ بێڵی ••

[ دوان لە قایش پانەکان کەوتنە شوێنمو هەر ئەو شەوە لە ئاوایی دەریان کردین •• لە ڕێگا لە چەمی [•••ین][1] ئەمان کردە ئەو بەرەوە ئاوەکە زۆر بوو خێزانەکەم ئاو بردیو بوو بە قوربانی ئێوە ،ئیستاش ئەوەتا بە تەنیا ئەمبینی بێ ئامانج بەرەو چارەنووسی شاریاوەم ئەڕۆم ••

PDF4Kurd

PDF4Kurd

(١) چەمێکی گەورەیەو تا ئیستا زۆر کەسی بردووە ••



PDF4Kurd

PDF4Kurd

PDF4Kurd

# خێزانێکی بێ دەرەتان

PDF4Kurd

له دوای سێ چوار رۆژ گریان‌و سەرخۆشی کردن تەواو بوو ، ئاشناو دۆستەکانی باوکی هەریەکە لە لایەك‌و بە بیانووی شتێکەوە داوای قەرزیان لێ ئەکردنەوە ، کەلوپەل‌و نەختینەیەك کە بوویان هەمووی لە قەرزا درایەوە ، ماڵەکەیان وەکو ئەڵێن [کەوتە سەر ساجی عەلی] •• ماڵێکی رەش پۆش‌و ئازێتبارو دەسکورت ، بێ دەرامەت ، بێ رۆشنایی ، لەو کۆمەڵەدا کە بەزەیی تیا سەرگەردانە ، ئاخۆ ئەم خێزانە چۆن بژین ؟ میرزا عومەر بە هیوای ئەوە نەسرینی کچیان بۆ سەرداری کوڕی مارە بکات ماوەیەك بە گەرم هاتو چۆی کردن ، حاجی هەسەنیش بۆ ئەوەی خانووکەیان بە هەرزان لێ بکرێ چەند مانگێك پێی لێ نەبڕین •• وەستا عەولیش جار جار سەرێکی لێ ئەدان‌و ئەیویست دلێری کوڕیان بکا بە شاگردی دارتاش خانەکەی ، ئەمانەو گەلێکی تر لەم دۆستە نایابانە هەریەکە بە نیازێك ماوەیەك هاتو چۆیان کردن ، دلێر هەرچەند هێشتا منداڵ بوو بەڵام زیرەك بوو ، هەر زوو

نه نیازی دۆستەکانی باوکی گەیشتو ناخی هەموویانی ناسی ،رۆژێکیان بێ پەروا روی کردە دایکی :

ـ گریانو بیر کردنەوەو ئاخ هەڵکێشیانو بە هیوای خەڵك بون دادی کەسی نەداوەو نایدا ••

ـ ئینجا ئەتەوێ چی بکەی ؟

ـ ئەوانەی خۆیان بە خەمخۆرو حەقدارو دۆستی ئێمە ئەزانی هەریەکەیان هیوایەکیان پێمان بوو ••

ـ دایکت بمرێ رەنگی هەتیویت لێ نیشتووە ••

ـ هێشتا لە کوێیەتی ، رۆژگارو دۆستە دڵسۆزەکانی باوکمو خزمە راستگۆکانمان هەمویان ئەیانەوێ لەمە هەتیو تر بکەووم ، بەڵام ! من ئەمەوێ لە قاڵبی [هەتیو]ی بێمە دەرەوەو ببمە حەقداری خوشکەکانمو ماوەی ئەو دوو ڕووانە نەدەم کە هەریەکە بە نیازێکەوە هاتوچۆمان ئەکەن •• واز لە قوتابخانەش دێنم ••

( دایکی دڵی دائەچڵەکێ ) ••

ـ ئەی باوکت وەسێتی نەکرد دەست لە خوێندن هەڵ نەگری ؟

ـ باوکم بە جۆرێکی تر لەم خەڵكو دۆستو برادەرانەی گەیشتبوو، تەنیا رووکەشی خەڵکەکەی ئەدی ، من لە ناخی دەروو نیانەوە حیساب بۆ خۆم ئەکەم •

[ بۆ لای هەر ئاشناو دۆستێکی باوکی ئەچوو کە یارمەتی بدەن ، هەموو گلەییان لە باوکی رەحمەتی ئەکردو دڵیان سارد ئەکردەوە ، ناچار لە قوتابخانە وازی هێناو بە رۆژانە لای قۆنتەرات چیەك بوو بە کرێکار •• ماوەیەك کرێکاری کرد ، زۆر بیری لە رۆژگار ئەکردەوە ، بیری لە هەموو ئەو خەڵکە دووڕووە ئەکردەوە کە لەگەڵ زوربەی کۆمەڵدا درۆ ئەکەن •

پاش ئەوەی نەختێك لە ژیان گەیشت ، کەوتە گەڕان بە شوێن راستیدا ، ملی رێگای شارانی گرتەبەر ، وەکو کورد ئەڵی : [سەری خۆی هەڵگرت] ..

پاش هەندێك گەڕان‌و دور کەوتنەوە ، لە شارێکی دورە دەستدا بوو بە کرێکار ، لەبەر منالی نەی ئەتوانی چەرخە گەورەکان ئیش پێ بکات ، کردیان بـە پاسەوانی گەنجینەی کـەلوپەلی کارگەکە ، دوای ماوەیەك لە ناکاو ئاگرێك کەوتەوە ، گەنجینەی کارگە سووتا ،زیانێکی زۆر لە کارگەکە کـەوت ، دلێر درا بە دادگای شارەوانی ، ماوەیەك حەپس کرا ، دوای دەرچوونی لـە بەندیخانە ئـەگات بـە بازرگانێکی خاوەن ویژدان .. دلێر داوای ئیشی لێ ئەکات ..

ـ ئەگەر بتەوێ لای ئێمە بمێنیتەوەو ئیش بکەی پێویستە بارمتەیەك دابنێیت ..

PDF4Kurd

ـ هیچ بارمتەیەکم نیە ، تەنیا بەسەرهاتی ژیانێکی ئالۆز نەبێ ..

[ سەرتاپای بـەسەرهـاتی ژیانی بۆ بازرگانەکـە ئـەگێڕێتەوە ، بازرگانەکە زۆر دڵی پێی ئەسووتێ‌و تێ ئەگات ئەمە ئەو کوڕەیە کـە ماوەیەك لەمەوبەر لـە رۆژنامـەکانا بڵاو کرایەوە کـە دایکی سوێی بۆتەوەو خوشکەکانیشی لەبەر هەژاری‌و دەسکورتی خۆیان سوتاندووە .. لە دڵێ خۆیا وتی : ئەگەر مرۆڤایەتی سەرگەردان نەبوایە ئەم لاوەش بەو جۆرە سەرگەردان نەئەبوو .. ]

PDF4Kurd

PDF4Kurd

# مام هۆمەر لەتاریکیدا مرد..[١]

PDF4Kurd

رۆژگار زیاتر لە نیوسەدە لەمەوبەرە لادێ نشینەکان لەناو مەینەتی زەبرو زەنگی دەرەبەگایەتیدا ئەژیان ، کشتوکاڵ کارەکان لە هەزاران لاوە گیرۆدەی دەستی گزیرو پیاوی ئاغاو سەرکارو هەزاران جۆر سوورانەو سەرانە بوبون .. لە گوندێکی بچوکی ناو ئەم ریژیمە کۆمەڵایەتی‌یە دواکەوتووە دا مام هۆمەری بەسەزمان نەخۆشەو لە جێگادا کەوتووە ، بە هۆی دوری دێکەیانەوە لە شارو پزیشکو داوودەرمان رۆژ بە رۆژ نەخۆشیەکەی کاریگەر تر ئەبوو ، زیاتر ئەی ناڵاند .. سەرەڕای ئەوەی دەسکورتی‌و هەژاری هەموو رێگایەکی ژیانی لێ گرتبو ، شەوێکی ساردی زستان لەناو جێگادا ئەی ناڵاند ، مناڵەکانیشی هەندێکیان بێ شێو لە دەوروبەری ئاگردانەکە سەریان نابۆوە ، هەندێکیشیان هەر چاوەڕووانی ئەوە بوون دایکیان خواردنێکیان بۆ پەیدا کا .. گوڵچنی خێزانیشی دەستی چەپی لەژێر چەناگەی

---

(١) کاتی خۆی ئەم چیرۆکە لە رۆژنامەی هاوکاری‌دا بلاو کراوەتەوە ، بەڵام ئیستا هەندێکی دەسکاری کراوە ..

دانابوو ، بـه دەستی ڕاستیشی جارجار خـۆڵی گـەرمی ناو ئاگردانـە کوژاوەکەی ئەشێواند ، بە تیلایی چاویشی سەرنجی مام هۆمەری ئەدا ، جاروباریش چاوێکی بە ڕووالەتی منالەکانیا ئەگێڕا ، کە قوڵپی گریانی سەری هەڵ ئەدا بـە لکی چارەکەکەی کۆڵی دەمو چاوی ئـەسڕی •• خەڵکی ئاوایی بێزار بوبون لە هەواڵ پرسینی ، ماوەیەك بوو لە جێگادا کەوتبوو •• بەرە بەرە منالەکان لەبەر تیشکی روناکی لـەرزۆکی چرا فوتیلە نەوتینەکەدا بەدەم برسێتییەوە لاڵو پاڵ لێی کەوتن ••هەندێکیان سەرو بن سەریان کردە سەر ڕانی دایکیان ، گوڵچین هەرچـەند چاوی بەم دیمەنە ئەکەوت زیاتر برینی دڵی ئەکولایەوە •• هیوای بە ژیانی مام هۆمەر نەمابوو ، لـە دڵەوە بیری لەوە ئـەکردەوە دوای مردنی مام هۆمەر ئەم منالە وردە بێ کەسانە چۆن بەخێو کات ! شـەوگار کەوتە ئاوایی خەوتن ، لە هەر چوار لای ژورەکەوە سیسرك دەستیان کرد بە زیکە زیك ، مام هۆمەر جار جار چاوێکی هـەڵ ئەبڕی ، وەك بیـەوێ داوای شتێك بکات بەڵام لـەبەر ئـەوەی زمانی هێزی قسـە کردنی تیا نەمابوو بێ ورتە چاوی لێك ئەنایەوە ، هەروەکو بیەوێ ئامانەتی منالەکان بە گوڵچین بسپێرێ ، گوڵچین بێ کەس بوو ، هەرچەند باوكو دایکی نەمردبوون بەڵام زۆر هەژار بوون ، برایەکیشی هەبوو شەش ساڵ بوو چوو بوو بۆ ئەسکەریو بێ سەرو شوێن بوو •• لـەناکاو پیاوی ئاغا کردی بە ژورا :

- کوا مام هۆمەر ؟

- ئەوەتە کەوتووە زۆر هیلاکە

- سبەینێ نۆرە بێگارتانە یان خۆت یان مام هۆمەر ئەبێ بێن بۆ گەلە داری ماڵی ئاغا ••

- چاوت لێ نیە لە جێگادا کەوتووەو ئەناڵێنێ

ـ ڕەنگە بێ کە منی دی خۆی نەخۆش خستبێ
ـ ئەمە سێ مانگە لە جێگادا کەوتووە ، گوایــە نەت بیستووە مام هۆمەر نەخۆشە ؟
ـ لە ئێوە وایە ئێمە هیچ کارو فرمانێکمان نیە بەم ڕۆژگارە هەڵ هەواڵی مام هۆمەرو ئەمو ئەو بپرسین ..
ـ ئەوەتا نەخۆشەو منیش ناتوانم بەجێی بێڵم
ـ من ئەمانە نازانم ، سبەینێ نۆرە بێگارتانە[1] ..

لەو کاتەدا ویستی دەرگاکــە بکاتــەوەو بچێتــە دەرەوە لوولــەی تفەنگەکەی بــەر چرا قوتیلەکــە کــەوتو چراکــەی خستە خوارەوەو کوژایەوە ، ژوورەکە تاریکتر بوو ، بە چەکمەکانی پێی نا بەلاقی یەکێك لە منداڵە خەوتووەکانو لاقی منداڵەکە شکا .. دەرگای کردەوە بێ ئەوەی پێوەی بداتەوە ڕۆیشت ، باڕەشو ســەرما کردیان بــە ژوورا ، دەنگی گریانی منداڵە لاق شکاوەکەو ناڵە ناڵی بە ئاستەمی مام هۆمــەرو سەرماو دوکەڵو خۆڵی ناو ئاگردانەکە لە ژوورەکەدا تێکەڵ بوون سەمفۆنیایەکی پڕ لە ماتەمینی دروســت کردبوو ، مــام هۆمــەر بۆ دوا جار بــە دەم نووزەیەکی بــە ئاستەمــەوە داوای کــرد چراکــە داگیرسێننەوە ، وەك بیەوێ بــە چاوەکانی دوا ســەرنجی منداڵــەکانی بداتو ماڵ ئاوایان لێ بکات ، تا گوڵچین چراکەی داگیرسانەوە ، مام هۆمەر لە ناو ئەو ئازارو تاریکاییەدا گیانی سپارد .. لە تاریکایدا ژیاو هەر لە تاریکیشا مرد ..

---

(١) (بێگار) ئیش کردنی بە خۆڕاییە بۆ ئاغا ..

PDF4Kurd

# شارێکی چەند ڕوو

PDF4Kurd

- ١ -

چەند کۆڵانێکی تەنگەبەر هەر یەکەیان لە شوێنێکەوە ئەچێتەوە سەر شەقامەکان ، شەقامەکان بێ نازو بێ خاوەن تەنانەت خەتە سپی یەکانیش کووژاونەتەوە ، لە دەرگای میوانخانەکانا کورسی چاخانە دانراوە ، زوربەی چاخانەکان لە ناوەوە چێشتخانەن ،دوکانی وردەواڵەو بازرگانو بەقاڵ بونەتە دەرمانخانەو ساردیش ئەفرۆشن ، پلیکانە تەنگەبەرەکانی نێوان دوکانەکان کراوون بە پیشانگای تەزبێحو بووکە شووشەی منالان ، لەسەر شۆستەو سووچی کۆگاکان سواڵکەرێکی زۆر دانیشتون ، هەندێکیان هەر یەکە زەلامێکی نوقستانی لەبەردەم خۆیا راکێشاوە بۆ ئەوەی خەڵك دڵیان بە حاڵیان بسووتێ ٠٠یان بازرگانی یان پیوە بکەن ، ڕێبوارەکان کەمیان یارمەتی سواڵکەرەکان ئەدەن ،زوربەیان رفیشیان لێ یان ئەبێتەوە ، خەڵکی زوربەی بە تەماشا کردنی کوتاڵی تازەو شتی تازە بابەتی دوکانەکانەوە خۆیان خەریك ئەکەن ، ناو مزگەوتەکان پڕە لە نوێژ کەرو بەر دەرگاکانیشیان بەکۆمەڵ ژنە سواڵکەری لێ کۆ بۆتەوەو چاوەڕوانی هاتنە دەرەوەی خەڵکی ئەکەن بەڵکو خێرێکیان پێ بکەن ، پۆلیسی سەر شەقامەکان چاویان بڕیوەتە

سوفێرەکان بۆ ئەوەی هەڵەیەکیان لێ بدۆزنەوەو بیان دەنە دادگا ،حاجی بازرگان تا کوتاڵەکە گەز ئەکا چەند سوێنێکی بـە دەمەوە ئەخوا ، لـە دەرگای نەخۆشخانەکانا چـەند جۆر خـەڵك راوەستاوون ، هەندێکیان نەخۆشن‌و ئەیانەوێ بچنە لای دکتور ، هەندێکیان بێ ئیش‌و کار دیدەنی کار بەدەستە کانیان کردوە بە بیانوو ، هەندێکیشیان تەنیا بۆ وەرگرتنی چەند حەپ‌و دەرزی‌یەك هاتوون‌و سەروچاوی خۆیان رازاندۆتەوە ..

ـ دکتۆر میوانی هەیە جارێ چاوەڕوان بن

ـ ۲ ـ

کۆڵانی بەندیخانەکە جمەی دێ ، هەندێکیان لـە دورەوە هاتوون هەر یەکە زەمیلەیەك شتومەك‌و خواردەمەنی بە دەستەوەیە ..

ـ ئەمرۆ چاو پێ کەوتن نیە ، جەنابی بەڕێوەبەر چووە بۆ دایەرەی خانوو بەرە ئیشی خۆی هەیە ، هەینی‌یەکەی تر وەرنەوە ..

ـ ۳ ـ

عەرزوحاڵ بـە دەستێکی زۆر لـە بـەردەم دایەرەی شارەوانی‌دا راوەستاون ، هـەریەکـە داوای ئیشێك ئـەکـەن ، تێکڕا داوای نان‌و ژیان ئەکەن ..

ـ کێ خۆی لە مەکتەبی ئیش کردن نە نووسیوە بڕوات

خەڵکێکی زۆر بە دڵ شکاوی بەرەو مەکتەبی ئیش کردن ئەڕۆن ، ناو نووسی خـۆیان ئـەکـەن ، چـەند کرێـکارێك قیرتـاوە شـکاوە هەڵکەندراوەکانی ناو شەقامەکان پینە ئەکەن ، بەر لەوەی قیرەکە بگرسێت ئۆتۆمۆبێلی [خوا پێ داوەکان !] هـەڵی ئـەکـەنـەوە ، دوکـەڵی قیرە ئولاوەکان زوربەی ناو بازاڕی داپۆشیوە ، نانەواخانەکان بەر ناکەوون ، کولێرەی ئـەمرۆ لـە هینی دوێنێ بچوکترە ، نیـوەی ئاردی رۆژانەیان

ئەشێلن‌و ئەوی تری گڵ ئەدەنەوە ، خەڵکێکی زۆر بە بێ نان بەرەو ماڵەوە ئەگەڕێنەوە ..

ـ کەس چاوەڕوانی نان نەبێ ، ئاردی ئەمڕۆ تەواو بوو ..

ـ ٤ ـ

دەرگای قەیسەری‌یەکان لەبەر حەماڵە وردە ڕێگای ڕێبوار نیە ، قوتابیەکی زۆر خوێندنیان بەدڵ نیەو بوونەتە حەماڵی ناو بازاڕ ، ئیشی قەسابخانەو قۆنتەراتی زێراب‌و خانووبەرە بەسەر چەند خاوەن پارەیەکدا دابەش کراوە ، بەر دەرگای چایخانەکان بۆتە جێگای تەگبیرو کۆڕی نیش دۆزینەوە ، کرێکارەکان حەز لە ئیشی کشتوکاڵ ئەکەن‌و جوتیارەکان بەرەو ئیدارەی کارگەکان مل ئەنێن ، ناو بازاڕەکە پڕە لە جامبازو لادێیی‌و سنعەتکاری بێ ئیش ، هەریەکە ئەیەوێ ئەوی تر بخڵەتێنێ ، کەم کەس دڵیان بە یەکتر بسووتێ ، خەڵکێکی زۆر بێ ئیش بەناو بازاڕدا ئەسووڕێنەوە ، بەر دەرگای دادگا پڕە لە تاوانبارو شاهیدو سەیر کەر ، نەخۆشەکان زوربەی کاتیان بە چاوەڕوانی دوکتورەوە ئەبەنە سەر ، خواردنی ئەمڕۆی نەخۆشەکان وەکو ڕۆژان وایە [بە زیاد بێ !] ناخورێ ، خەڵکێکی زۆر لەبەر دەرگای رەسم چی‌یەکانا وەستاوون رەسم ئەگرن‌و خۆیان ئەکەن بە ئیختیاری ..

ـ بریا دوێنێ ئەم شتانەم بکڕیبایە هەرزان تر بوو ..

ـ ئەمڕۆش لە سبەینێ باشترە ..

فڕنەکان باقلاوەو مریشك‌و ماسی بۆ ماڵە دەوڵەمەندەکان ئەبرژێنن .

ـ ٥ ـ

بە لۆری چەو لەسەر شۆستەکان هەڵ دراوەتەوە ، ڕێبوارەکان بە ناچاری بە ناوەڕاستی شەقامەکانا ئەڕۆن ، پۆلیسەکانی ڕێگاو بان سزایان ئەدەن ، کورسی دوکان‌و چاخانەکان نیوەی شۆستەکەی داگرتووە ،

دوکەڵی کەبابخانەکان بە ئارەزووی خۆیان بڵاو بونەتەوە ، عەرەبانەکان لەسەر چەقی شەقامەکان راوەستاوون ، عەرەبانچییەکان لـە ژووری چایخانەکانا شـەڕە جنێو یاری دۆمینە ئـەکەن ، ئۆتۆمۆبێلە تایبەتیەکان لەسەر شوستەو چەقی کۆڵانەکانا وەستاوون ، لـە ناوەڕاستی شەقامەکانا ئەسوڕێنەوە ، عەرەبانەی دەسگێڕ بـە هـەموو شوێنێکدا ئەسووڕێتەوە ، چێشتخانەکان خواردنی کۆنو پاشماوەی خەڵك بەخەڵکی ئەدەن ، ئیشی دایەرە ئەمڕۆ تـەواو نابێ ئەکەوێتە سبەینێ ، زوربەی ئیشی دایەرەکان شـاهیدو مۆری موختـاری پێویستـە ، موختـارەکـان مـۆرەکانیان لای عەرزوحاڵ چیەکان داناوە ، ئێواران حیسابی لەگەلا ئەکەن ، شاهیدەکانی دادگا زوربـەیان شوناسنامەیان نیـە ، بەڕێوەبـەر لـە پێشا رۆژنامـەکان ئەخوێنێتەوە ، تەلەفۆنێك لێ ئەدا :

ـ ۰۰۰۰ ئەفەندیمان ئەوێ

ـ لێرە نیە ، ئەمڕۆ نەهاتووە بۆ دایەرە

ـ چەند رۆژ ئیجازەیە ؟

ـ ئیجازە نیە ، چەند رۆژێکە دەوام ناکا ، خەریکی خانو کردنەوەیە

ـ ۰۰۰۰ ئم ۰۰ !

ـ ٦ ـ

میرزا [۰۰۰] لە دوکانەکەیا دانیشتووە ، پارە ئەژمێرێ

ـ ئاخۆ خانووەکانی [۰۰۰۰] درابن بە قونتەرات ؟

ـ سبەینێ تەندەرەکان رائەکێشن ۰۰

ـ [بە پێکەنینەوە] ۰۰ سبەینێی چی ، بەر لە راکێشانی تەندەرەکان دابەش کران ۰۰

ـ ئەی نانی حەبسخانەکە

ـ قازانجی تیا نیە ۰۰ پار میرزا [رەئوف] زەرەری تیا کرد

ـ من وەك ئەو ناكەم ٠٠

ـ خراپترین خواردنی پێ ئەدان

ـ ٧ ـ

ژوری پارێزەرەكان بە تاقمە كورسی نایاب رازاوەتەوە ، فەڕاشەكە بێ وچان قاوە ئەگێڕێ ٠٠

ـ ئەم مانگە تەنیا دوازدە دەعوام بووە

ـ مانگەكەی تر هەر فریای ناوبژی كردنی سەلەم خۆرەكان كەوتم

ـ دو دەعوام هەیە دامناوە خانووەكەمی پێ تەواو كەم

ـ ئەم خەڵكە ئەوەندە چوونەتە دادگا هەموو فێری یاسا بوون

ـ ئەگەر دادگا پارمەتمان نەدات ئیشەكەمان خێری تیا نەماوە ٠٠

ـ ٨ ـ

لەبەر عیادەی دكتورێكدا ، كۆمەڵێك نەخۆش چاوەروانی دكتورن، دكتور لەناكاو دێت :

ـ چەند رۆژە نەخۆشی ، بۆچی تا ئیستا نەهاتویت

ـ دوێنی لە خەستەخانە هاتمە لات فەرموت وەرە بۆ عیادە

ـ ئا ٠٠٠ راست ئەكەی ٠٠ ئەم پسوڵەیە بگرە ، بچۆ لە خەستەخانە بخەوە ٠٠

ـ ٩ ـ

ژوری كاربەدەستێكی گەورەیە ، بـە كورسیو پـەردەی جوانو نتی رەنگاو رەنگ رازاوەتەوە ، ژورێكی تر چوار كاربەدەستی تیایە ، هەر دوانیان لەسەر مێزێكن ، باسی یەخچاڵو گرامو قەرزو شتومـەكی ناو ماڵ ئەكەن ٠

ـ مامۆستا ئەم عەرزوحاڵەم پێیە

ـ حەمەلاو ! حەمەلاو ••!

ـ بەڵێ مامۆستا

ـ پێمان نەوتی مەیەڵە کەس بێتە ژورەوە ، هـەرکەس هات بڵێ سبەینێ وەرەوە ••

ـ [بە توڕەییەوە] بڵێ سبەینێ وەرەوە •••!!

ـ ١٠ ـ

ماڵی کرێکارێکی بێ ئیشـە ، ئافرەتێكو چوار پێنج منـاڵی رەشو روت دانیشتوون ، لەناکاو کابرای کرێکار دێتەوە ••

ـ ئەو پارچەم لێ بگرن ••

ـ یاخوا خێر بێ !

ـ بە ناشوکری نەبێ نان پەڕیوەتە کۆڵی شێر ، ئـەوا بوو بـە هەفتەیەك بێ ئیشو کارم ، ئاسمان دورو زەوی سەخت ، کرێی خانوو، سەکرو چا ، بەرگی خێزان ، مەسرەفی رۆژانەی مناڵ ، پارەی دکتورو داوو دەرمان ، پێویستی قوتابخانەی مناڵ ، بـەردەرگانـەی شـارەوانی ••••• لە کوێ بێنم ؟•

ـ پیاوەکە میرزا عەوول هاتبو داوای قەرزەکەی ئەکردەوە

ـ ئەمڕۆ رۆژانەمان وەر نەگرتووە

ـ مامۆستا وتی سبەینێ هەریەکـە سـەد فلس بێنن ، بـەرکۆشی تازەش لەگەڵ خۆتان بێنن بۆ ئیشکردن ••

ـ بیرم نەبوو ، وەستا شـەریف ئـەیوت ژورەکـە چۆڵ کـەن دارەڕاکەی هـەڵ ئەگێڕمەوە ، ئۆتۆمبێلی تازەیان کڕیوە ئەیکات بـە گەراج •

**کابرای کرێکار بە پەلە ئەچێتە دەرەوە ••**

- ١١ -

باڵەخانەیەکی دو نهۆمە ، چەند ئۆتۆمبێلێك لە کۆڵانەکەیا راوەستاوون ، لە پەنای باڵەخانەکەدا ئۆتۆمبێلی دکتورێك سواڵکەرێکی شێلاوە ، خەڵك بە سەرپێیەکەوە سەرنجی ئەدەن‌و ئەڕۆن ، لە پەنجەرەی قاتی سەرەوە دەنگی گۆرانی‌و ئاهەنگێک دێتە دەرەوە ، باخەوانێك لە حەوشەی باڵەخانەکەدا بە مەقەست سەر لقی نەمامەکان ئەقرتێنێ ، هەرتاو نەتاوێك تەلەفۆن لێ ئەدا

- هەلاو •••

- پیرۆز بێ ، ببورن بۆمان نەکرا بەشداری ئاهەنگەکەتان بکەین••

- ماڵی خۆتانە ••

- ئێمەش ئاهەنگمان هەیە بۆیە نەمانتوانی بێین ••دیسانەوە ببورن•

- پیرۆز بێ •• پیرۆز بایمان لەسەرە

- ١٢ -

دو قەرەوێڵە لە نەخۆ(*)شخانەیەکدا بە تەنیشت یەکەوەن ، دوو مناڵ لەسەریان راکشاون ، یەکێکیان کوڕی هەژارێکە لە برسا ئەناڵێنێ ، ئەوی تریان کوڕی ئاغایەکە چەوری‌و میوەی زۆری خواردوە گەدەی ژان ئەکا ••

داد شوناسەکان خەوتوون ، لە خەویانا شار بۆتە گوڵزارو فریشتەکان بە ناویا ئەسووڕێنەوە ، ئەوانەی تیایا ئەلەوەڕێن هاوار ئەکەن: [ئاوەدان بێ شاری بێ حاکم] ••

(*)

---

(*) بەشێکی تری ئەم چیرۆکە مابوو بەڵام روونووسەکەی لە چاپخانە بە دەستمانەوە ون بوو ••!

# نەخۆشی یەکەی

## دلێر

**( چیرۆکێکی کاریکاتێری ئەدەبی‌یە .. )**[1]

دلێر وای لێ هات کەس لە قسەکانی تێ نەئەگەیشت ، بەڵام لە کرداردا هێمن‌و لەسەر خۆ بوو ، هەرکەس بۆ جارێك دلێری بدیبایە بەزەیی پیا ئەهاتەوە ، ئەوەندەیان بە مام وەسمان وت ناچار بوو دلێری برد بۆ لای دکتور .. دکتور هەرچەندە سەرنجی دلێری دا هیچ نەخۆشیەکی تیا نەبینی ، بە مام وەسمانی وت

- وا دیارە لە جیاتی نەخۆشەکە ئەمتان هێناوە !!

- جەنابی دکتور قسەی لە گەڵدا بکە ، بزانە چۆن وەڵامت ئەداتەوە، ئەم کوڕەم چوار ساڵە لە شار ئەخوێنێ ، بە هیوا بوم ئەمساڵ خوێندنەکەی تەواو کات ، کەچی ماوەیەکە قسەکانی ئەبڕزکێنێ ..

- چۆن قسە ئەبڕزکێنێ

- حەز ئەکەی چەند پرسیارێکی لێ بکە

---

**(١) مەبەست لە هەندێك لایەنی تاریکی ئەو ڕیبازە ئەدەبیە هەڵچووەیە کە لە ساڵی ٩٧٠ دا پەیدا بوو لە ماوەیەکی کورتا خۆی لە خۆیا.. چونکە بناغەیەکی زانستیانەی نەبوو کپ بۆوە ..**

ـ ناوت چیە ؟

ـ تەزووی خۆڵەمێشە ڕاچەنیوەکان ئەخۆمەوە

ـ تەمەنت چەندە ؟

ـ لە قاوغی شەیتانۆکەیەکی تینوو دا

ـ دەوامی قوتابخانە ئەکەی

ـ خەمە سووتاوەکان ••

**( ئینجا دکتور ڕاستەیەك بە دەستەوە ئەگرێ )**

ـ ئەمە چیە بە دەستمەوە ؟

ـ گۆمی تەزیو ئەسووتێنم

ـ لە چی دروست کراوە ؟

ـ سێبەرە خەوتووەکان هەڵ ئەپەڕن ••

ـ لە کام قوتابخانەی ؟

ـ بەردە نەخۆشەکان پێ ئەکەنن

ـ حەز لە چی ئەکەی ؟

ـ توێکڵی سەهۆڵێکی سووتاو ••

ـ زۆر تر بیر لە چی ئەکەیتەوە ؟

ـ تیشکە خنکاوەکان ئەجنمو چاوە قوپاوەکان ئەخۆمەوە

**( دکتور نەختێك بیر ئەکاتەوەو جارێکی تر ڕوی تێ ئەکاتەوە )**

ـ کوێت دیشێ ؟

ـ خەوێکی هەڵواسراو لە گەرووی مەیموونێکی تەزیودا

ـ باوکت ناوی چی‌یە ؟

ـ [بە پێکەنینەوە] •• سێبەری سێبەرێکی ترە ••

[ دکتور ئیتر لە سەری ناڕوات ، شتێك لـە فاتەزێك ئـەنووسێو

ئەیداتە دەست مام وەسمان •• ئەویش بە پەلە خۆی ئەگەیەنێتە دەرمانخانەیەك ]

× × ×

ـ زەحمەت نەبێ بەڵكو نەختێك زوو ئەم دەرمانەم بدەنێ

**( كابرای دەرمانخانە چی نەختێك سەیری مام وەسمانو دلێری كوڕی ئەكاتو چاوێكی تر بە رەچەتەكەدا ئەخشێنێتەوە ) ••**

ـ ئەمە دەرمانی تیا نەنووسراوە

ـ چۆن ؟ لای دكتور هێناومە

ـ دكتور دەرمانی نەنووسیوە

ـ ئەی چی نووسیوە ؟

ـ نوسیویتی : دلێری كوڕت تووشی نەخۆشی ئەدەبی خونفوسی بووە ، نابێ تا ماوەی چوار مانگ گۆڤارو رۆژنامەی كوردی ـ بە تایبەتی شیعری ئەم رۆژە ـ بخوێنێتەوە ••(*)

**١٩٧١ی زاینی**

PDF4Kurd

PDF4Kurd

PDF4Kurd

---

**(*) مەبەست لەو نووسینانەیە كە وشە جێگای خۆی تیا نەگرتووەو سەرگەردانە ••**

PDF4Kurd

# من و کۆمەڵ و سروشت

# تاوانبارین

لە سووچێکی دادگاکەدا لەناکاو هەستایە سەر پێ و بە توندێکەوە قیژاندی :

**- من تاوانبارم ! من و کۆمەڵ و سروشت تاوانبارین !!**

PDF4Kurd

دانیشتوان و ئەندامانی دادگاکە هەموو بێ دەنگ بوون ، وەکو خۆڵ و دۆ بکەی بە سەریانا •• پاش دەقیقەیەك هەریەکە لە جێگای خۆی چاوی بە ناو هۆڵی دادگاکەدا خشاندو تەماشایەکی کابراو تاوانباری ناو قەفەسەکەو پۆلیس و ئەندامانی دادگاکەیان کرد •• سەرۆکی دادگا پاش مات بوونێکی کەم چەکوشەکەی دا بەسەر مێزەکەداو ، خەڵکەکە ئەوەندەی تر بێ دەنگ بوون و روویان کردە سەرۆکی دادگا ••

- کێ ئەڵێ تۆ تاوانباری ؟
- خۆم ئەڵێم
- کێ شایەت ە ؟

ـ ئەو بێ گوناهەی ئێستا لەناو قەفەسەکەدا چاوەڕووانی مردن ئەکات شاهیدیم بۆ ئەدا ..

ـ تۆ ئەم تاوانبارە ئەناسی ؟

ـ بەڵێ ئەو بێ گوناهە ئەناسم

ـ بە قسەکانتا دیارە پەیوەندیت بە مەسەلەکەوە هەیە

ـ من بنچینەی مەسەلەکەم ـ ئەو کابرای لەناو قەفەسەکەدایە هیچ پەیوەندییەکی بە باسەکەوە نیە ..

**( ناو دادگاکە تا ئەهات دەنگە دەنگی تیا پەیدا ئەبوو ، دانیشتوان لەگەل یەکتری ئەکەوتنە قسە کردن ) ..**

ـ تۆ بلێی راست کا ، ئەم کابرایە تاوانبارەکە بێ !

ـ ئەوە نیە خۆی وا ئەڵێ ..

ـ کێ بەو جۆرە سەر بە ستانە پێ لە تاوانێکی نهێنی گەورە ئەنێ کە سەری تیا بچێ ..

PDF4Kurd

ـ رەنگ بێ ئەقڵی تێك چوو بێت

ـ با بزانین دادگا چ بڕیارێك دەر ئەکات

**( ئەندامانی دادگاکە لەناو خۆیانا کەوتنە مقۆ مقۆو لێکدانەوە ، سەرۆکی دادگا جارێکی تر چەکوشەکەی دایەوە بەسەر مێزەکەدا ) ..**

ـ دادگا بڕیاری دا لە قسەکانت بکۆڵێتەوە داوای بەڵگەشت لێ ئەکا

PDF4Kurd

ـ ئەتوانم هەموو شتێك بدرکێنم ، بەلام داوا ئەکەم دادگا دوا بخرێ بۆ چەند رۆژێکی تر بۆ ئەوەی هەموو لایەنە بەشدارەکانی مەسەلەکە بێنە دادگاوە ..

**( داواکاری گشتی رووی کردە کابرا )**

ـ دادگا وەکو تاوانبارێك تەماشای تۆ ناکات



PDF4Kurd

ـ بەڵێ ! من خۆم بە تاوانبار ئەزانم‌و خاوەنی تاوانەکەم
ـ چۆن ئەی سەلمێنێ ؟
ـ خۆت ئەزانی !!!

[ دەرگای نهێنی‌یەکی تری مەسەلەکـە کرایەوە ، ناو هۆڵەکـە سلەزا ، دانیشتوان سەیری کابراو داواکاری گشتی‌یان کرد ،داواکاری گشتی دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو ، ئەندامانی دادگا بڕیاریان دا کە دادگا بۆ چەند رۆژێکی تر دوا بخرێ •• ]

دادگا هەڵ گیرا بۆ کاتی لێکۆڵینەوەی داهاتوو ، لەسـەر فەرمانی سەرۆکی دادگا پۆلیس هەردو [بەناو تاوانبارەکانیان] برد بۆ بەندیخانە، تاکو لە دەرگای هۆڵی دادگاکە چوونە دەرەوە خەڵکەکە بە سەرسامی‌یەوە سەیریان ئەکردن ، هەرکەسە لەبەر خۆیەوە قسەی ئەکرد ••

بۆ جاری دووەم دادگا کۆ بۆوە ، هەردو [بەناو تاوانبارەکان] ! لەناو قەفەسی تاوانباری‌دا وەستان ، حەقدارو داواچی‌و خـەڵکێکی زۆر لـە هۆڵەکـەدا کۆ بووبوونـەوە ، چاوەڕوانی ئـەنجامی دادگاو رازە نهێنی‌یەکەیان ئەکرد •• داواکار روی کردە تاوانبارو داوای لێ‌کرد
ـ چی ئەزانی لە بارەی رووداوەکەوە بە درێژی باسی بکە
ـ بەر لە هەموو شتێك تەنیا من تاوانبار نیم
ـ کێ‌ی تر بە تاوانبار ئەزانی بیڵێ ••
ـ تۆو سروشت‌و رەووشتی کۆمەڵ لەگەڵما تاوانبارن !!
ـ باسی هەموو شت بکە ••
ـ ئەمەوێ لە سەرەتای سەرگەردانیمەوە تا کۆتایی باسەکە هەموی باس بکەم ••

[ خەڵکەکـە داوایان لـە دادگا کرد مۆڵەتی بدەن تاکو رواڵـەتی ژیان‌و بەسەرهاتی خۆیشی بگێڕێتەوە ] •• دادگا داوای لێ کرد هەموو

نهێنی‌یەك بدرکێنێ‌و ئاشکرای بکا ..
ـ پێ لەتاوانی خۆم‌و کۆمەڵ‌و سروشت ئەنێم ..

**( ناو هۆڵەکە پڕ بوو لە دەنگ ، سەرۆکی دادگا بە چەکوشەکەی خەڵکەکەی بێ دەنگ کردەوە .. ) .**

ـ مناڵ بوم ، قوتابی سەرەتایی بوم ، زۆر زیرەك بوم ، باوکم مرد ، برایەکی هاوتەمەنی خۆم هەبوو ، ئەویش وەك من لە قوتابخانە ئەیخوێند ، کە باوکم مرد باری ژیانی خێزانەکەمان ئاڵۆزا ، لەبەر هەژاری دایکم شووی کرد بە کابرایەکی ئاسنگەر ، پاش ماوەیەك کابرای ئاسنگەر من‌و براکەمی لە قوتابخانە دەر هێناو کردینی بە شاگرد ، زۆری پێ نەچو دایکیشم مرد ، ئاسنگەرەکە ژنێکی تری هێنا ، هەردوکیان بۆ ئێمە بوونە باوە پارەو باوە ژن ، هیچ جۆرە سۆزێکی خێزانی لە نێوان ئێمەو خێزانەکەدا نەما .. تا چەند ساڵێك دوای کۆچی دوایی دایکم دەستمان لە ئاسنگەرەکە بەر نەدا ، باوەژنەکەمان هەروەکو هەموو باوەژنێکی تر ئازاری ئەداین‌و لای ئاسنگەرەکە [باوە پارەکەمان] سەرزەنشتی ئەکردین .. بە رۆژا زۆر ماندوو ئەبوین ، کە ئەهاتینەوە ماڵەوە رێزیشمان نەئەگیرا ، بە رۆژا ئیشی ئاسنگەرخانەو بە شەوا ئیشی ماڵەوەمان ئەکرد ، زەبرو زەنگی باوەژن کارێکی وای کرد ناچار بووم واز لەوێ بێنم‌و ماڵەوە بەجێ بێڵم .. مەڵبەندی یەکەم قۆناغی ئاوارەییم ئەم شارە بوو ، هاتمە ئەم شارە ، بێ ئیش بووم ، کەسم نە ئەناسی ، بێ پارە بووم ، چومە نانەوا خانەیەك‌و داوای نانم لێ کردن ، کە بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕانەوە دڵنەوایان کردم‌و کردمیان بە شاگرد کە کاریان لەگەڵا بکەم ، شەوانە لەسەر تەنوورەکە ئەخەوتم ، زۆری پێ نەچو کابرای نانەوا ئاردی دەوڵەتی دزی بوو پێیان زانی ، کابرای نانەوا منی بە دزیەکە تاوانبار کرد ، کەس نەبوو قسەیەکی خێرم بۆ بکات ، ماوەیەك گیرام ، شەوێك لە بەندیخانەکە

زۆر سارد بوو ، زکم ژانی ئەکرد ، نیوەشەو بو بردمیان بۆ خەستەخانە، لەبەر دەرکای ژوری دکتور زۆر وەستاین ، لــە ناکاو فەڕاشەکەی یان بلێین بەردەستەکەی هات ••

ـ دکتور ئەمشەو نایەتەوە

ـ ئەی لە کوێ یە ؟

PDF4Kurd

ـ سەر لە نەخۆشەکان ئەدا

**( تا بەرە بەیان چاوەڕوانیمان کرد ، لە بەرەبەیاندا هاتەوە ،ڕوی کردە یاساولەکانی تەکم ) ••**

ـ بەم شەوەش وازمان لێ ناهێنن

ـ ئەم نەخۆشەمان پێ یەو زۆر ئازاری هەیە

ـ ئاوەرە پێشەوە ، کوێت دیشێ ؟

ـ زکم ژان ئەکا

ـ چیت خواردووە ؟

PDF4Kurd

ـ هەر خواردنی بەندیخانەکەم خواردوە

ـ ئینجا خواردنی بەندیخانەکە چی یەتی ؟

ـ جەنابی دکتور ، خواردنەکەمان زۆر خراپــە ، سەمونی کۆنو چیشتی ساردمان دەدەنێ •• خــەریک بووم شتی تر بلێــم لــە ناکاو یاساوڵەکەی لای راستمەوە سخورمەیەکی لێ دامو

ـ قسەی زیادە مەکە ، قۆنتەراتچی خواردنی بەندیخانەکە خزمی جەنابی دکتۆرە •• منیش ئیتر بێ دەنگ بووم ••

ـ ئەم قسانە مەکە •• تەماشا چەند درێژ دادڕە ••

بە ئەسپایی هەندێک قسەی کردو ناوی دەرمانێکی لــەســەر کوتە قافەزێك نووسیو دای بــە یاساوڵەکە •• درێژەی نــەدەمی دەرمانمان وەرگرتو هاتینەوە ، کــە کردمیانە ژوردوە لــە حــەوشی بەندیخانــە

کەدا ئازارەکەم لێ هاتەوە کەوتم بە زەوی دا ، یاساوڵەکەلە دەرگاکەوە شووشە دەرمانەکەی بۆ هەڵدام ، لە پاڵما کـەوت بـە زەویداو شـکاو دەرمانەکەی رژایە سەر زەوییەکـە •• رۆژێکی تر کۆمـەڵێکیان لێ بردین کە زێرابی ماڵی بەڕێوەبەر پاك بکەینەوە ، لەبەر ئەوەی لە وانی تر منداڵ تر بووم منیان ناردە سەر بیرەکە ، پێم هەڵ خلیسکاو کەوتمە ناو بیرەکە ، تاکو دەریان هێنامەوە چەند جارێک نوقم بوم ، لـەسەر خۆ چوبووم ، چەند رۆژێك لە نەخۆشخانە مامەوە •• هەر چۆون بوو دوای بەرەڵلا کردنم لەماڵی بازرگانێك بووم بە خزمەتچی ، پاش چەند رۆژێك ، بازرگانەکـە مـەیموونێکی هـەبوو زۆری خۆش ئـەویست ، رۆژێکیان مەیموونەکە ژار ئـەخواو ئەمرێ ، منیان تاوانبار کرد گوایە خواردنی کۆنو ژاراویم پێداوە ، بەو هۆیەوە لەوێش دەرکرام ، لای کابرایەکی چۆدار بووم بـە شوانکارە ، بـە هۆی نـەخۆشی ئاژەڵەوە کابرای چۆدار زیانێکی زۆری لێ کـەوت ، هـەندێك لە شـوانەکانی دەرکرد ، منیش بەر ئەو دەر کردنە کەوتم ، لـە چێشتخانەیەك کارم دەکرد ، خواردنی کۆنمـان دابو بـە خـەڵك ، تووشی ئازار بوون ، سزایان داینو چێشتخانەکەیان داخست ، بووم بە میرزای میوانخانەیەك ، دوو خاوەنی هەبوو ، هەر یەکەیان ئەیویست دزی لەوی تریان بکەم بۆ ئەوی تر •• ئەم کارە نەچووە دڵمەوە ئەوێشم بەجێ هێشت ، لە ماڵی فەرمانبەرێك بوم بـە خزمـەتچی ، کابرای فەرمانبـەر لـەگەل ژنەکەیا ناکۆکی هەبوو ، هەندێك خشڵی زێڕیان بوو ، خێزانەکەی شاردیەوەو نای بەسەر منا ، جارێکی تر درامەوە بـە دادگا ، لەسـەر خشڵەکانیش چەند مانگێك کرامە ژوورەوە ، چوومە مـاڵی کابرایەکی بازرگانی زۆر دەوڵەمەند ، کابرا شەوانە زۆر درەنگ ئەهاتەوە ، خەریکی راواردن ئەبوو لە دەرەوە ، ژنەکەشی میوانی سووکە سەرەی زۆر ئەهات ، کە

گومانم لێ ئەکردن ، پێی ئەووتم لای میرزا نەلێی خەڵك ئامشۆی ئەکەن شوێنەکەم بە سووك زانی لەوێش دەرچووم .. چومە قەسابخانەیەك ، لای کابرایەکی قەساب چەند مانگێك مامەوە ، کابرای قەساب گۆشتی هەموو جۆرە گیان لەبەرێکی تێکەڵ ئەکردو پاك و پیس هەمووی ئەفرۆشتن ، بێزم لێ کردەوەو رۆیشتم ، لە گەرماوێك بووم بە ناتر ئەوێشم لەبەر چەند هۆیەك بەجێ هێشت ، لە نەخۆشخانەی گەورەی شار بووم بە باخەوان ، دکتورەکان بەنۆرە هەموو رۆژێك ئەیان بردمەوە بۆ ماڵی خۆیان لەوێ باخچەیان پێ چاك ئەکردم ، تا وای لێ هات فریای باخچەکانی نەخۆشخانەکە نە ئەکەوتم زۆریان وشك بوون ، هەر ئەو دکتۆرانە لە سزای ئەم کارەدا دەریان کردم ، لە ماڵی پارێزەرێك بووم بە چایچی ، کابرای پارێزەر هەر رۆژ نەرۆژێك ئەی بردم بۆ دادگایەك و ئەی کردم بە شاهدی بوختان ، ئەوەندە سوێنی درۆی پێ خواردم کە لە بازاڕدا ئەڕۆیشتم زۆر کەس دەیان ناسیم ،دەستیان بۆ ڕائەکێشام دەیان گوت ئەوە شاهیدە درۆزنەکەیە، زۆر خوم بە شەرمەزار دەزانی ،لەوێش وازم هێنا ،لای قۆنتەرات چییەك بووم بە کاتب ، لیستەی ئشی رۆژانەی کرێکارەکان و پارەی مخارجم بۆ دەگرت ، هەمو رۆژ دەیگوت لە رۆژانەی کرێکارەکان کەم بکەرەوە ، چەند جارێك بەقسەم نەکرد دەری کردم ، کەبابخانەیەکم دانا ،زوربەی حەڵك بەقەرز نانیان دەخواردو دەرۆیشتن ، زوربەیانم نەدەبینیەوە ، پارەم بەدەستەوە نەما ، ناچار دوکانەکەم فرۆشت ، ئینجا ئیشی سەرپێییم دەکرد ،شتومەکم لە خەڵك دەکڕی و دەم فرۆشتەوە ،دەڵاڵەکان رقیان لێم دەبۆوە ، تاوانباریان کردم بە قاچاخچی ، ماوەیەك لەسەر ئەویشە گیرام، چوومە لای دکتۆرێك ، فێری دەرزی لێدانی کردم ، پاش چەند رۆژێک ، رۆژێکیان دوو بە دوو بوین پێی گوتم ، هەندێك نەخۆش

دیاره ناشارەزان ، تەنیا ئاوی شووشەکەیان بە دەرزی لێ بدە ، هەر کەسێکیش خەڵکی شاربو ، یان دیار بوو شارەزایە ، دەرزی یەکەی بە هەواوی لێ بدە ، من بە قسەم نەکرد ، ئەوێشم جێ هێشت ، لای بەرگ دروێەك بووم بە شاگرد ، کابرای بەرگ دروو کوتاڵی خەڵکی دەشاردەوە ، زۆرم لا ناشیرین بوو ، پێم گوت ئەم کارە بە من ناکرێ ،،...بەم جۆرەو لە چەند شوێنێکی تر ئیشم کرد کە هەر یەکەیان رووکارێکی رەووشتی ئەم خەڵکەی نیشان ئەدا بە کورتی لە ماڵی ئەم [داواکاری] گشتی یە بووم بە خزمەتچی دوو ساڵ لە گەلیانا مامەوە ، ئیستا جەنابی ، زۆر باش دەمناسێ ، گەلێك رازو نیازیانم ئەزانی ،زۆر باوەڕیان بەمن هەبوو ،منیش زۆر رێزم ئەگرتن ، شەوێك بۆ شەو نشینی چوینە ماڵی باوکی ئەو جوانە مەرگەی ئیستا لە سەری مەحکەمە ئەکرێین ، کە چوینە ئەوێ ، ئەو برایەم کە باسم کرد ئەوێ دیمەوە ، ئەمیش ئەویش وەکو من لە دەست باوەژنو باوە پیارە رایکردبوو ، خۆی گەیاندبووە ئەم شارە ، ئەوەتا ئیستا لەناو ئەم قەفەسەدا لە گەلما وەستاوە ، دڵمان زۆر بە یەکتر کرایەوە ، چەند جارێك بە تایبەتی چووم بۆ سەردانیو ئەویش ئەهات بۆ لای من ، رۆژێکیان بەرێز ئەم مامۆستایە [پە نجەی بۆ داواکار درێژ کرد ] •• بانگی کردم

- کارێکی زۆر گەورەم پێتە
- فەرموو ••
- ئێمە وەکو منالی خۆمان سەیری تۆ ئەکەین
- ئێوەش لە جێی باوكو دایکی منن
- ئێمەو تۆ ، تازە ژیانمان یەك ژیانو مردنمان یەك مردنە
- خوا بتان هێڵێ •• من چیم شایانی ئەو هەموو خۆشەویستیە بم

ـ تۆ کوڕی منی ، باوکیش هەمیشە کوڕی خۆی خۆش ویستوە..

ـ خوا بت هێڵی بۆ مان

ـ حەز ئەکەم ژنیکت پێ بسپێرمو ئازایانە بۆم جێ بەجێ بکەی

ـ سەرم لە رێتە گەورەم

ـ بەڵام نابێ کەس بزانێ

ـ بە گڵی ئەسپێرم ..

ـ ئافەرین .. مـن پشت بـە ژیریو زیرەکیو لێ هـاتوویی تۆ ئەبەستم

ـ دە فەرموو بڵێ ..

ـ ئەتوانی [ئەستێرە]م بۆ بکوژی

**کە ئەمەم بیست تەزوویەکی ئاگراوی بـە هەموو لەشما هات .. مات بوم .. لەشم دەستی کرد بە لەرزین ، گریان قوڕگمی داگرت .. چاوەکانم شێوە ئەبلەق وەستان ..**

ـ لەسەر خۆ بە .. شتەکە ئەوەندە ناڕەحەت نی یە ..

ـ کام .. کام ... ئەستێرە ؟

ـ جارێ وەرەوە سەر خۆت

هەردو دەستی خستە سەر شانم ، بە پێکەنینەوە وتی

ـ با بچین بۆ ژورەکەی خۆم ..

پێکەوە چوینە ژورەکە ، شەربەتێکی ساردی بۆ هێنام ، گەلێك دڵ خۆشی دامەوە .. قسەی زۆری بۆ کردم ..

ـ باشە ، ئەستێرەی قوڕ بەسەر چی کردوە شایانی کوشتن بێ ، یان بۆچی بی کوژم ..

ـ تۆ نازانی .. کارەکە وا هاتۆتە پیشەوە ..

**کە روخساری ئەستێرەم هاتە بەرچاو دامە پرمەی گریان .**

هەموو شتێکم بۆ بکرێ ، ئەم کارەم بۆ ناکرێ

ـ بە نیسبەت تۆوە زۆر ئاسانە ••

ـ با ئاسانیش بێ ، من ئینسانم نامەوێ ئینسانێ تر لە ناو بەرم

ـ [بە پێکەنینەوە] •• ئاخر لە مەسەلەکە نەگەیشتووی

**( داوام کرد تێم بگەیەنێ ) ••**

ـ لەگەل [بێستون]ی کوڕم کارێکی ناشیرینیان لێ قەوماوە ، لەم ڕۆژانەدا سەرەناکەی ئاشکرا ئەبێو ناشاردرێتەوە ، لەوانەشە ئێمە زۆر دوچار بێنو ڕیزیشمان لەناو کۆمەڵدا بشکێ، ••• بە مجۆرە •••

ـ ئینجا بستونی کوڕی تۆ دامێن پیسەو تاوانی کردوەو شەرم لە یاساکانی کۆمەڵ ناکا ئەو بەستە زمانەی هەڵ خڵەتاندووە بۆچی سزاکەی بستون نەی نۆشێ ؟

ـ بە کوشتنی بێستون مەسەلەکە ناشاردرێتەوە ، چونکە مەسەلەکە لە ئەستێرەدا دروست بووە

ـ ئینجا چاری تر هەیە

ـ وەکو ؟••

ـ داوای ئەستێرە بکەن بۆ بیستونو تا زوەو کار لە کار نەترازاوە بۆی بگوێزنەوە با دیزە بە دەرخۆنە بێ ••

ـ بیستون ئەڵێ تا خوێندنەکەم تەواو نەکەم ، ژن ناخوازم

ـ جا کەوایە با دوای خوێندنەکەشی دەستی بکردایەتە تاوان بازی••

ـ تازە شتەکە لە دەست دەرچووە •• تۆ برای بیستوونی

ـ من هەرگیز نابم بەبرای بێ شەرمێکی وا ••

گەلێك ڕێگای لێ گرتمو گەلێك ڕێگای خستە بەردەمم ، بە زمانی لووسو پارەو بەڵێنو ••••• هەڵی خـەڵەتاندم ، بـە بانووی دیدەنی براکەمەوە شەو چووم بۆماڵیانو لـەوێ مامەوە ، نیوە شـەو کاردێکم

هەڵگرت ، بە بێ دەنگ چومە ژورەکەی ، لەسەر جێگاکەی راکشابوو، بە هەمو هێزم کاردەکەم لەسەر دڵی داکوتا ، تەنیا جارێك گوێم لـە هاواری بوو بە جۆرێك رەشبینی دایگرتبوم مرۆڤایەتیم نەئەهاتە بەرچاو.. بەسەر دیواری باخـەکەی پشتی ماڵەکـەدا دەرباز بووم ، بێ ئـەوەی براکەشم بزانێ .. کە هاتمەوە ماڵەوە تە جیاتی بەڵێنەکان ئەم مامۆستایە [دەستی بۆ هەمان کابرا کێشایەوە] دەری کردم ، نەی گرتمەوە خۆ ، هەڕەشەی لێ کردم ئەگەر نەڕۆم بمدات بە دەست عەدالەتەوە [ گوایە خۆی یەکێکە لـە روکنەکانی عـەدالەت !! ] .. زۆر ترسام .. ناچار رام کرد ، لەو کاتەوە لەم لاو لەو لا خۆم تەشارمەوە ، تا ئەم رۆژانە هەواڵی دادگاو براکەمم بیست [لـەو کاتەدا دەستی بۆ براکـەی درێژ کرد لـە ناو قەفـەسی تاوانبـاران دا] .. منیش هـاتم ، ئیستا پێ لـە تاوانەکەم ئەنێم .. ئینجا نازانم من تاوانبارم یان کۆمەڵ یان سروشت یان ئـەم بەڕێزەی نوێنـەری دادە لێرەدا [ دەستی بـۆ داواکار ]ەکە درێژ کردەوە ..

هۆڵی دادگا پڕ بوو لە چەپڵە رێزان .. کەس و کاری جوانەمەرگ نهێنی بنچینەی تاوانەکەیان بۆ دەر کەوت ، خەڵکەکە داوای سزادانی تاوانباری راستەقینـەیان ئـەکـرد ، رواڵـەتی دادگا گۆڕا ، بڕیارەکانی ناوەژۆ کردەوە ، کەس نەما تەاعەت بە قسەکانی نەکا ، لـە ئەنجامدا کێ تاوانبار بوو سزای خۆی نۆشی .. [لێرەدا چیرۆکەکە ئەدەینە دەست کۆمەڵ ].. (*)

---

(*) هەرچەند چیرۆکەکە تـەواو نەبوە لێرەدا بـەلام ئێمە کۆتایی پێ دێنین ..

# ئەليندى شەهيدكرا
# يان
# دواقۆناغى ئازادى خەڵكى شيلى «١»

کەم کەس ئەمەيان بەم جۆرە بە خەياڵدا ئەهات ، ئەوانەی بير ئە داهاتوو رۆژگار ئەکەنەوە ، بە دەگمەن چاوەڕوانی ئەمەيان ئەکرد ،دوا قۆناغی خۆ گورج کردنەوەی میلیتاریستەکان بوو ، هەردوو دەستی بە یەخەی سەنگەرەکەوە بوو •• هاواری کرد

ـ نەختێك ئاووم بدەنێ پێکرام

ـ ئاو تەنیا ژانی دەردی تۆ دەرمان ئەکات ، بەڵام تۆڵـە سـەندن سەردتای ژیانێکی تر بۆ کۆمەڵ دەست نیشان ئەکات

[ دەنگی شەستیرەکان بەناو قووڵایی شەپۆلی تاریکاییدا ون ئەبوون، سینگی هەموو نیشتمان پەروەرێك بوو بوو بە سەنگەری ژیانێك ،خوێن دەستی کـردە مل شەقامـەکان ، چـەکمـەی ئاگری پیـلانی سیناتۆرە درندەکان ئاواتی خەڵکی شارەکەی لـەسـەر شـەقامەکاندا ئـەهاڕی ، کیشوەرێکی مەیویان پڕ کرد لـە ئاژاوە ، کودەتا چییەکان بـە چاوی سوورەوە لـە چـەقی شەقامـەکانا راوەستا بوون شوناسنامەی خـەڵکە نیشتمان پەروەرەکانیان ئاوەژۆ ئەخوێندەوە ، پەیتا پەیتا تاریکی رووناکی شارەکـەی هـەڵ دەلووشی ، ئاگریان لـە ریزێمێکی نیشتمان پـەروەر

---

**(١) لەکاتی خۆیا لە رۆژنامەی هاوکاریدا بلاو کراوەتەوە ••**

بەردابوو ، سەربازە ساویکلەکان ئاگری چەکەکانیان لە چەستەی ئادەمیزادا تاقی ئەکردەوە [ساتیاگۆ] بەرگی قینی لەبەر کردبوو لێوی تۆلە سەندنی ئەکرۆشت ، هەموو کەس بیری لەوە ئەکردەوە ، کە بەرەیەکی میللی چەکدار ئەتوانێ ئەم دڕندانە لەناو بەرێ ، ئەو ئەفسەرانەی خەویان بە خراپە ـ کاری‌یەوە ئەبینی بێ پەروا هاواریان ئەکرد :

ـ ئەلیندی کوژرا

ـ ئەلیندی خۆی دا بە دەستەوە

ـ ئەلیندی رایکرد ..

ـ ئەلیندی ......

حوکمێکی ناشەرعی باڵی بەسەر وڵاتەکەدا کێشاو باڵی‌دا بە قازانجی بێگانەوە ، ماشینە زرێلی‌یەکان بە کۆڵان و شەقامەکانا مرقە مرقیان بوو ، ئاگری موسەلسەل‌و مەترەلۆزەکان خۆیان ئەکرد بە پەنجەرەی ژورەکانا، پەچەی بێ ئابڕوویی لەرووی میلیتاریستەکانا هەڵماڵرابوو ، گیانی بەرگە گرتن ناچار کەوتە خۆ ، دایکە رۆڵە کوژراوەکان بە شوێن تۆلەی سووردا ئەگەڕان ..

ـ کوانێ دوژمنەکانی گەل ؟

ـ کوانێ میلیتاریستەکان ؟

ـ کوا ئەوەی ئاگرەکە بە فیتی ئرابەوە ؟..

ـ کوا ؟ کوا ؟ کوا .... ؟...

شەوو رۆژ تێکەڵ کرابوو ، گوللەی وێڵ بە هەموو شوێنێکدا ئەسووڕایەوەو پەساپۆرتی مەرگی پێ بوو ، تا ئەهات قەوارەی ترسی خەڵکەکە ئەتوایەوە ، چەك خاوەنی شەرعی خۆی نە ئەناسی ،وەکو دوژمن سەیری هەموو خەڵکی بێ دیفاعی شارەکەی ئەکرد ، ژمارەی زیان‌و کوژراو لە بیری مرۆڤ چووە دەرەوە ، چەکمەی

فاشیزم وەکو ئاش لەشی هەموو خەڵکێکی ئەهاڕی ، گیراوەکان لە ژمارە تەئەهاتن ، دەرگای ئازادی پشکۆل کرا ، زیندانەکان جمەیان ئەهات ، دەنگی نەترسی ناو زیندانەکان ئاگر خۆشکەری شۆرشێکی سەرو ماڵی بوو ، گەل ورەی بەرنەدا ، لەبەر لوولەی مەترەلۆزەکانا هاواریان ئەکرد :

- کوا ئەلیندی ؟
- کوا سەرکردە ؟
- کوا نیشتمانو گەلەکەمان ؟؟ کوا ؟

هەڵقە پچڕاوەکانی زنجیری باوەڕی نیشتمانی کەوتنەوە خۆو یەکگرتنەوە ، ناوجەرگەی جەماوەری بەندیخانەکان قیژاندیان :

- ئەلیندی خۆی نەدا بەدەستەوە
- ئەلیندی نەبەزی
- ئەلیندی رای نەکرد
- ئەلیندی شەهید کرا
- تا شەهید کرا تەقەی لە پەلاماری نۆکەرە مل هوڕەکانی ئیمپریالیزم ئەکرد ..

PDF4Kurd

- بیرو باوەڕی ئەلیندی دەس ئاگرسێنی شۆرشی سەرتاپای خەڵکی شیلییەو ناکوژێتەوە
- هەموو شۆرشگێڕێك ئەلیندییەو ...
- هەموو ئەلیندی یەکیش شۆرشگێڕێکە ..
- خەڵکی زەحمەتکێشی شیلی تێکڕا هەموویان ئەلیندین
- ئەلیندی ..
- ئەلیندی .. ئەلیندی ...

PDF4Kurd

- . . . . . . . . . . .

---

لە نامەخانەی نیشتمانی ژمارە (٥٨٤) ی ساڵی ١٩٧٩ ی پێ دراوە

PDF4Kurd

وەزارەتی راگەیاندن بە نوسراوی ژمارە (٢٢)
٣١/١/٩٧٩ ریگای لە چاپدانی داوە

PDF4Kurd

PDF4Kurd

نرخی « ٢٠٠ » فلسە